ئایا جەماوەر بیر دەکاتەوە؟.. وەرگێڕان و ئامادەکردنی لە عەرەبییەوە: گەران عەبدوڵا

جەماوەر لەبەی عەقڵەوە ناژیت، بەڵکو لە بەی ئەفسانەکانەوە دژی و بە بەکارهێنانی بیرگە هێنناسووڵەت، بەڵکو بە هەست و سۆز دەجووڵێتەوە. بەم وشانە، گوستاق لەبۆن – Gustave Le Bon- مشخێکی لە ناو تاریکیدا هێکرد بە ئاشکراکردنی بوونەوەرێکی ترسناک کە ناوی جەماوەرە.
ئەوانە مرۆڤی سەربەخۆ نین، بەڵکو کەمێکی تووڵن کە عەقڵیان لەژێر هەژمونی غەریزە سادەکاندایە و لەبەی هەست و سۆزەوە حەماس دەیانگرێت. ئەوان گوێ بە بیرگە نادەن، بەڵکو زۆر زوو بەوا بە درەکان دەنن. هەر ئەفسانەیەک دەکەوێتە سەر زمانیان، دەبێتە حەقیقەتێکی خۆناوی کە عەقڵ زەحمەتە سحری ئەو ئەفسانەیە لایان خاڵیبکاتەوە. ئەمە زامێکی کراوەی مرۆڤایەتییە. عەقڵ لە تاکەکەسدا سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لە کەمێدا دەمرێت. بۆیە ئەوە فۆیلەسووف نییە، بەڵکو ساحیرە کە رابەرایەتی جەماوەرەکە دەکات. دەنگی عەقڵ نا، بەڵکو دەنگی دەهێڵەکان دەبیستن.

بەم شێوەیە لەبۆن تێگەیشت کە مژوو بە بیرگە نانووسراوە، بەڵکو بە سروودەکان و ئاڵاکان نووسراوە. جەماوەرەکان بەرەو رووناکی نا، بەڵکو بەرەو سووتاندن بەردەکرێن، کەچی وا دەزانن ئەو هەراو هەریاو شاتە ئەستێرەی رزگاریکەریانە.
کاتێک لە قوڵایی ئەوی گوستاق لەبۆن ئاشکرای کردووە تەدەگەین، کە چۆن جەماوەرەکان گوێ بە عەقڵ نادەن، جگە لەوەی وەک کەسێکی برسی چۆن گوێ بە وانەیەک دەدات کە سەبارەت بە خواردنە، بە دیدێکی لەو دەڵێک کە بە شتێکی تر هاوار دەکات. ئەوانە پێویستیان بە سەرخۆشییە، نەک بە بیرگە، بە نیشانەیەکی دروشماوە، نەک بە حەقیقەتێکی کە. بەم شێوەیە ئەفسانەکان دروست دەبن، وەک ئەفیونێکی کەمایەتی بە ژەمکانی جۆش و خرۆشەوە دەدرێتە ئەوان و ئەوانیش وەک کەسێکی تینوو کە ئاوی پیس دەخواتەوە، بەبێ گومانە پیسییەکەی کە لە خوێنکانیاندا دەگێڕت، دەیخنەوە.

لەژیک لە دەستی جەماوەردا وەک کاغەزێک وایە لە بەرامبەر ئاگرێک دەسووتێت و دەبێتە خۆڵەمێش. بۆیە جەماوەرەکان هەرگیز بە وتارێکی

عەقڵانی نەبراوەتە مەیدانەکان، بەڵکو بە وتارەکی سەرگەردان کە سروشتی سادەکان دەهەژێنێت. حەقیقەت لە لای ئەوان بە پەوڕی بێگەرد ناپەورێت، بەڵکو بە توانایەتی ئەو کەسەی کە دەتوانێت ئەوان لە هەست و سەزدا نقووم بکات.
جەماوەرەکان بەدوای بێگەوەڕ نین، بەڵکو بەدوای ئەفسانەیەکەوەن کە مانایەکی کۆرانیان پێدەبەخشێت. هەرچی ئەوان دەیانوەێت، چیرۆکەکە کە خۆنیان دەهەژێنێت، دروشمەک کە وەک بتەکی نوێ بەرز دەکرێتەوە، درێژەک کە دووبارە دەبێتەوە تا دەبێتە دینەک. عەقڵ لە لای ئەوان غەریبەکی دەرکراوەو بەردباران دەکرێت ئۆگەر واز لە ڕووتکردنەوەیان نەهێنێت.
بەیە گەستاڤ لەبەن وتی: جەماوەرەکان هەر بەخەیان بتەکانیان دروست دەکەن و دەیپەرستن، بەڵام پەرستنەک تا مردن.
ئەوەی تراژیدیای مرۆڤە لە کەمەدا. حەقیقەتە کەهیچ مانایەکی نییە ئۆگەر بە خۆنی هەست و سەز نەخوڤقێنرابێت. فەیلەسووف بێگەکانی لە زەویەکی وشک و بەبەر دەچێنێت، بەڵام دەستەمۆکار ئەفسانەکەی بەرەو ئاسمان هەڵدەدات، کە دەبێتە ئاگرەک و لە سینەیاندا دەگەڵێت. بەم شەوەیە مرۆڤەکان بەرەو سەربین بەرەدەکرێن، لەوکاتەی پیانوایە بەرەو بەهەشت دەڕۆن.
ئەو ئارگیومێنتەکانین کە ئاراستەکان دەستنیشان دەکەن، بەڵکو زەبری لەدانی دەهێنەکانە، ئاماکانە کە بە خوێنی ئەوان دەشکێتەوە. جەماوەرەکان وەک منداڵی تووڕەوان کە حەقیقەتیان ناوێت، بەڵکو چیرۆکەک کە سەرسامیان بکات، تەنانەت ئۆگەر ژەهراویشبێت. ئەوان بەدوای جادووگەر دەکەون نەوەک فەیلەسووف، چونکە جادوگەر سەرخۆشیان پێدەبەخشێت، بەڵام فەیلەسووف ئاوێنەیەکیان پێدەدات کە حەقیقەتی خەیانی تێیدا دەبینن.

بەیە لەبەن جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە جەماوەرەکان بە لەزیک ڕەکناخرێن، بەڵکو بە خەیاڵە ڕەنگاوەرەنگەکان سەرکردایەتی دەکرێن، چونکە عەقڵ لە لای ئەوان هیچ نییە لە بەرامبەر وێنەیەک کە دڵگریەت یان دروشمەک کە هاوار دەکات.
ئۆگەر ویستت ئەوان کۆنترۆڵ بکەیت، حەقیقەتیان پێشکەش مەکە، بەڵکو ئەفسانەیەک پێشکەش بکە کە خۆنیان دەجمێنێ، وا بکە باوەڕ بکەن کە رزگاری لە پشت ئاماکەیە و مردن ڕێگەیەکە بە نەمریی کەمڵایەتی. ئەوسا دەبینی چۆن لەدەورت دەئاڵێن و قوربانی دەدەن. ئەمە قسەوەتی حەقیقەتە، کە عەقڵ چەکی تاکەکانە، بەڵام هەست و سەز سوپای جەماوەرەکانە و هیچ سوپایەک بە عەقڵ شکستی پێناهێنێت.

جەماوەرەکان، نایانەوێت کەسێک بڵێن بیر بکاتەوە، بەڵکو کەسێکیان دەوێت خۆن ببینێت بڵێن. بۆیە کاتێک سەقرات لە مەیدانی ئاسینا وەستا و بەگژکانی وەک جوتیارێک چەن تەدەچێنێت ئاوای چاند کەچی جەماوەرەکان تەنها رقیان دوریبەوە. بەگژ لە لای ئەوان تاڵ بوو وەک دەرمانێک کە منداڵەکان رەتیان کردووە بیخۆن، بۆیە ئەفسانەیان هەڵبەستزارد بۆرامبەر عەقڵ، هەست و سۆزیان هەڵبەستزارد بۆرامبەر گفتوگۆ. هەر بۆیە پاڵیان پەوەنا بۆرەو مەرگ وەک چەن قوربانییەک بۆرەو سەربڕین دەبرێت. کاتێک سەقرات ژەهرەکەی خواردەوە ئەوان چەپڵەیان لێدا. بەم شێوەیە عەقڵ هەمیشە قابیلی کوشتنە لایەن جەماوەرە خیاڵپەرستەکانەوە. دیمەنی مەرگی سەقرات رووداوێکی جیا نەبوو لەو یاسایەی کە هەمیشە دووبارەدەبێتەوە، هەر کاتێک دەنگی عەقڵ دەردەکەوێت و بە پێچەوانەی عەقڵی باوی جەماوەر هەنگاو دەنێت هەر زوو بۆردباران دەکرێت تا مردن.

جەماوەرەکان ناتوانن ئاوێنەیەک هەڵبگرن کە نەفامیان پێ نیشان بدات، بۆیە بە پێکەنینەکی شێتانەو هاوارێکی کوڕانەوە ئەو ئاوێنەیە دەشکێنن. ئەم ئەو دەڤیەیە کاتێک لەبەن دەیدرکێنێت: بەگژ دەبرێتە پای سەدارە بەنام ئەفسانە لەسەر تەختی شاهانە دادەنرێت. ئەنجامەکە ئەویە کە مەژوو بە پێنووسی فێلەسووفەکان نانووسرێتەوە، بەڵکو بە خوێنی ئەوانەی بە ناوی حەقیقەتەوە لە خاچ دەدرێن دەنووسرێتەوە. لە هەر مەلحەمێکی گەورەدا، رووی جەماوەرەکان وەک بوونەوەرێکی تووڕە دەردەکەوێت کە قارەمانەکانی لە خوێن دروست دەکات، نەک لە بیرکردنەوە. کاتێک ئاسینا سەقراتی لەخاچدا، لە هەمان کاتدا ئەفسانەکانی سەبارەت بە شکۆ و خوداکان سەرسامی کردبوو. فێلەسووفەکیان نەکوشت چونکە کەسێکی لاوازە، بەڵکو بەهەکاری ئەوەی بە حەقیقەتەوە رووبەووی نەفامیان بووەوە. حەقیقەت هەر لە سەرەتاوە دوژمنی جەماوەرەکان بووە، ئەوان ناتوانن رونەکی هەڵبگرن، بەڵکو بەدوای ئاگر دەکەون، تەنانەت ئاگر بەسەی ئاگرەکە ئەوان بکاتە خۆڵەمێش. بەم شێوەیە سەرنوشتی مرۆڤایەتی هەمیشە بە سروودەکان رەگەیان پێدراوە، نە بە بەگژکان، بە دەهۆڵەکان، نەوەک بە عەقڵ.
هەموو داستانەکان شایەتن کە چەن خۆڵەکە شکێیان داوە بە قارەمانکانی، لە کاتێکدا هیچ بەگژێکیشیان بەدەستەوەنەبووە. جەماوەرەکان پێویستیان بە وێنەیەکی حەماسییە، بە خوێنێک کە دەرژێت، بە نیشانەیەک کە وەک بتێک بەرز دەکرێتەوە بە پەرستن وەک ئەوەی مەژوو هەمووی لایەن عەقڵی بیرمەندانەوە نەبێت، بەڵکو لایەن زامکانی جەماوەرکانەوە کە بە ئەفسانەکان دەسووتێن،

بەرەو دەبرێت.

لە سەدەی بیستەمدا، جەماوەرەکان سەلماندیان کە ئەوەی لەبەن وتی تەنها تیۆرییەک نەبوو، بەڵکو نەفرەتکی مێژوویی بوو. ملیۆنان کەس نەکەوتنە دوای عەقڵ، بەڵکو دوای ئەفسانەیەک کەوتن کە جلوبەرگی رزگاریان لەبەرکرابوو. لە چین، کتێبی سووری ماو تسێ تونگ بەگژیەکی عەقڵانی نەبوو، بەڵام کرابووە ئینجیلێکی کۆمەڵایەتی نوێ بۆ جەماوەرەکان. وەک ئیماندارێک چەن دوعاکانیان دووبارەو دەبارەدەکەنەوە ئاوسەندیان دووبارەکردەوە تا لە شەشکدا غەرق بوون کە منداڵەکانی خەیانی خوارد.
لە کامبۆدیا، پۆڵ پۆت جەماوەرەکانی بەرەو دۆزەخێکی سەر زەمینی برد بە ناوی ئەفسانەی گوندنشینی پاکیزەیی کە تێیدا ڕۆشنبیران و خوێندکارانی کوشت، چونکە جەماوەرەکان بەگژیەکیان بە داهاتوویان نەدەویست، بەڵکو هاوارەکیان ویست کە لە بیرکردنەوە ئازادیان بکات. ستەمکارەکان دەستاتیان لەسەر بنەمای تاکڕەوی دروستکرد و جەماوەرەکانیان کردە کائینێک کە وێنەی سەرکردەکەی وەک خودایەکی نوێ بپەرستێت. بەم شێوەیە جەماوەرەکان کۆنەش بە وەهمێک دەبات و لە پەناو ئەفسانەیەکدا بە کوشتدەرێت، لە کاتێکدا عەقڵ لە ژێر پێیدا دەپلیشێتەوە.

جەماوەرەکانی ڕۆژهەڵات کەمتر لە هاوتاکانیان لە ڕۆژئاوا دەندەتر نەبوون. ئەوان ئاڵا دینی و سیاسییەکانیان وەک بتەکان پەرستووە و هەشمەندیان وەلاناوە. کاتێک بانگەوازدەکرێن بە ناسینەوەی خەیان و ژیان بە تەمەتی کفر تەکفیر دەکرێی، بەڵام کاتێک دروشمێک کە سروشتی سادەییان دەهەژێنێت، بەرزی دەکەنەوە بە پلەی خودایی.
بەم شێوەیە تراژیدیای سەقرات بە جلوبەرگێکی نوێ و لەزەمەنێکی تردا دووبارە دەبێتەوە، ئەمجارە دادوەرەکان جیاواز لە دادوەرەکانی ئەسینا مێژریان لەسەرناوە یان بەجل و بەرگی سەربازییەوە. جەماوەرەکانی ڕۆژهەڵات بە وتارە حەماسکان و فەتوا ڕێکدەخرێن، نەوەک بە بەگژ. بە هاواری اللە اکبر یان بژی سەرۆک بەسەرکردنەوە بەرەو مەرگ پێشبڕکێدەکەن، چونکە ئەفسانە یەقینەکیان پێدەبەخشێت کە لە بیرکردنەوە ئاسانترە. ئەوان عەقڵ بە دەستی خەیان دەکوژن و چەپڵە بە مەرگی خەیان لێدەدەن.
ئەمە ئەوەیە کە وشەکانی گەستاڤ لەبەن دەکاتە نەفرەتکی هەتاهەتایی: بەگژکان کەمەگژ دڕووستناکەن، بەڵام هەست و سۆز نەتەوەیەکی تەواو لە کوردکان دروست دەکات.
دوای ئەوەی بینیمان چەن تراژیدیای جەماوەرەکان لە ڕۆژهەڵات و

رۆژاوا دووبارە دەبێتەوە، دەتوانین وشکانی گەستاق لەبان لە رگەی ئاوەی تیریکانی زانستی کۆمەڵایەتی نیشانیاندا، تێبگەین. جاماوەرکان کاتێک دروست دەبن، عەقڵی تاکەکەسی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبنە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە ئیتر بیرناکەنەوە و هەر مل دانەن بۆ ڕاوپێش. ئەمیە دورکهایم – Émile Durkheim- ئەمەی ناو نا "ویژدانی بەکۆمەڵ"، بەڵام ویژدانێک زیاتر لە تەنکی نابینا دەچێت کە تاکەکەس لەژێر چڕخەکانی دەکاتە خۆڕەش. لێرەدا عەقڵ هەڵدەوشێتەوە و ئاوەی دەمنێتەوە ڕاحەکی کۆمەڵایەتی سووتێنەر کە بەگژ ناسەت، بەڵکو تەنها هەست و سۆز دەناسەت. ئەم ئاوەیە کە جاماوەرکان لە چاوی زانایانی کۆمەڵایەتیدا وەک کۆمەڵێک کە بە وزەیکی سەرەتایی بارگاوی کراوە دەبینرێت. ئەوان شتەکان هەڵناسەنگێنن بەڵکو پەلاماری دەدەن، حەقیقەت دروست ناکەن، بەڵکو ئەفسانەکان دروست دەکەن کە کێنترۆڵیان دەکات. فەیلەسووفەکان دەکوژرێن، پەغەمبەرەکان بەدرە دەخرێنەوە، کەچی ستەمکارێک دەکرێتە خودا، چونکە جاماوەرکان هەمیشە ئەفسانە هەڵدەبژێرن و بەگژ دەخەنە ژێر پەیانەوە.
ئاو ویژدانە کۆمەڵایەتییەی کە دورکهایم وەسفی کرد، هەرگیز ڕاحەکی پاک نەبوو، بەڵکو جانەوەرێکی تووڕەیو لە خوێنی قوربانییەکانی خۆی دەخواتەوە.
لە شۆشی فڕانسیدا، مەقسەد ئەنجامی عەقڵ و خۆنی فەلسەفە نەبوو کە خۆنی بە ئازادیەوە دەبینی، بەڵکو ئەنجامی جاماوەرکان بوو کە بوونە کۆمەڵکی تووڕە کە بە ئازادی هاوار دەکەن و لە هەمان کاتدا مەیدانەکان لە خوێندا غەرق دەکەن. دروشمەکە لە کتێبکاندا عەقڵانی بوو، بەڵام لە شەقامەکاندا بووە ڕووسمکی خوێناوی، کە ئەفسانە بەهێزتر بوو لە بەگژ وە هەست و سۆز دەندەتر بوو لە هەر عەقڵێک. بەم شێوەیە دیمەنەکان بە درێژایی مێژوو دووبارە دەبنەوە: جاماوەرکان شتەکان بە پێوەری عەقڵ ناپێون، بەڵکو بە پێوەری سروشتی سادە و خوێن.

پاشاکان نەبراونەتە پای مردن چونکە گەل گفتوگۆی بەگژکانیان دەکات، بەڵکو لەبەر ئاوەی جاماوەرکان پێویستیان بە ئەفسانەیکی نوێ بووە، قوربانییەکی کۆمەڵایەتی کە خەیانی پێ پاک بکەنەوە. وەک گەستاق لەبان دەڵێ: (حەقیقەت دەسەڵاتی نییە، بەڵکو تەنها ئەفسانە دەسەڵاتی هەیە) بەیە سەربینەکان دەبنە ڕووسم و خوێن دەبێتە تەنها وانەیک کە جاماوەرکان تێیدەگەن.

زانستی دەروونناسی ئاشکرای دەکات کە جاماوەرکان بەشکنین لە

هەشمەندەکان، بەڵکو بەشکەن لە فەناکردنی. کاتێک تاکەکەس لە ناویاندا دەتوێتەوە، ئیرادەی خۆی لەدەستدەدات، وەک ئەسیرێک وایە کە چەکەکەی دەداتە دەست نەیارەکانی.
فرۆید لە زانستی دەروونناسی جەماوەرکاندا دەڵێ: (کاتێک تاکەکەس دەچێتە ناو کۆمەڵ، لە ئاستی هەشمەندی خۆی دادەبەزێنێت بۆ پلەیەکی سەرەتایی، کە زیاتر ئامادەیە بۆ گوڵەڵی و زیاتر خۆدەداتە دەست خەیاڵ.) بەم شێوەیە جەماوەرکان دەبنە بوونەوەرێکی یەکگرتوو کە هیچ هەشمەندییەکی نییە جگە لە سروشتی سادە و هیچ ئاسایەکی نییە جگە لە بایەکداهاتن. ئاوڕی هاوکێشە دەروونییەکان بە خوێنکی ساردەوە دەیخوێنە روو، لە راستیدا تراژیدیایەکی خوێناوی: جەماوەرکان هەشمەندکی چەند لایەنە نییە، بەڵکو عەقڵکی یەک لایەنەیە، عەقڵێک کە لە بیرکردنەوەیەکی ئازاد بەبەش کراوە، بە ئاوڕی ببڕتە هاوار بۆ خوداکان.
لەم چوارچێوەیەدا، بەگوێ شوێنک نادەزڕتەوە بە خۆی، چونکە پێویستی بە عەقڵ جیاوازکانە، بەڵام جەماوەرکان هەموو عەقڵ تاکەکەسییەکان لە مەنجەڵکدا دەکوڵێنێت. ئەمە ئاوڕێکە گەستاف لەبۆن جەختی لەسەر کردەوە کە حەقیقەت لای جەماوەرکان هیچ دەسەڵاتکی نییە، بەڵکو تەنها ئەفسانە دەسەڵاتی هەیە، چونکە ئاوڕ غەریزە سروشتییە سادەکییەتی.
ئەگەر بۆ چاوی زانستی دەروونناسی سەیر کەین، دەبینین کاتێک تاکەکەس لە ناو کۆمەڵدا ون دەبێت و ئاگادارە لە ونبوونکەی خۆی، لە ناو جەماوەرکەدا دەتوێتەوە، عەقڵی خۆی لەدەست دەدات، دەڵێی کەسایەتییەکەی خۆی کوشتووە تاکو داگیرکارێکی تری سەیر و نامۆتر، سەرەتاییتر و توندوتیژتر لە ناخیدا لەدایک ببێت. بە ئاوڕی بوونەوەرێکی تر لە ناویدا لەدایک ببێت، بوونەوەرێک کە سەیرترە، سەرەتاییترە و توندوتیژترە. مەگەڵ وەک نەخۆشێک دەبینێت، قسە دەکات و دەجووڵێت، بەڵام بەبێ هۆشی تاکەکەسی، بەبێ ویژدان، بەبێ بەرپرسیارێتی. لەڕادا مەیدانەکان دەبنە نەخۆشخانەیەکی کراوە بە شێتی، بەڵام بەبێ دکتۆر و بەبێ چارەسەر.

ژان جاک ڕۆسۆ لە کتێبی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)دا نووسیوێتی: "مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت، لەگەڵ ئاوەشدا لە هەموو شوێنک بە زنجیر بەستراوەتەوە". ئاو زنجیرانە تەنیا هی ستەمکاران نییە، بەڵکو هی جەماوەر خۆیەتی. کاتێک تاک تەسلیمی ئاوان دەبێت، خەبەخشانە ئازادی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە کۆیلەی دەنگی قەرەباغی.. ئازادی لە لای ڕوسۆ لەژێرپێی هەڵچون و سەزدا دەنژرێت، چونکە جەماوەرکە تاکەکەس دەکاتە سەبەرێکی بەبێ

روخسار.

سەرن کیرکگارد- Søren Kierkegaard- لە کتێبکەیدا "نەخشی تا مردن" بە پێداگریەوە نووسیتی: "قەڕەباغی فشێ." لەڕدا ئاشکرا دەبێت کە جەماوەرکان تەنها مەترسییەکی سیاسی نین، بەکو کەمئەندامییەکی بوونیین. درێ کاتێک لە هەزاران دەموو بەرز دەبێتەو و دووبارە دەبێتەو، کەمێ کاتێک ئەفسانەکان دووبارەدەکاتەو، بەم شێوەیە درێ زیاتر لە خودی حەقیقەت دەبێتە واقیعی و عەقڵ دەبێتە دەنگێکی تەنیا لە ناو هاواری کەمێک کە تەنها خەیاڵ دەناسێت. ئەم لێژیکی لەبەنە: قەڕەباغەکە خێی بە هەشمەندی راست ناکاتەو، بەکو بە هەر هاوارێکی نوێ گیرەدەی نەخشی زیاتر دەبێت.

ئەفڵاتون لە کتێبکەیدا "کەمار" یەکێک بوو لە یەکەم کەسکان کە لە مەترسی جەماوەرکان تێگەیشت، کاتێک وتی: "دیموکراسی بە ستەمی جەماوەرکان کەتایی دێت." بە لای ئەوەو، کاتێک دەسەڵات بدرێتە خەڵکی گشتی، کەشتییەکە نە بە دەستی عەقڵانییەکان، بەکو بە دەستی کەشتیوانە سەرخۆشکان بەڕێوە دەبرێت کە بەرزتر لە دەنگی کاپتەنکە هاوار دەکەن. جەماوەرکان لە چاوی ئەفڵاتوندا شێپەڵکی شێواوە کە بە ئازادی خێی داپۆشیوە و لە زگی ئەوەو ستەمکار لەدایک دەبێت، چونکە ئاژاوەگێ تەنها ئەو کەسە دەناسێت کە وەڵام بە ئارەزووکانی دەداتەو.

ئەلێکسی دوتۆکفیل – Alexis de Tocqueville- لە کتێبکەیدا "دیموکراسی لە ئەمریکا" ئاماژەی بە ستەمکی نوێ کرد کە نە بە دار، بەکو لە ڕێی فشاری زەرینەوە بەکار دەهێرێت. نووسیتی: جەماوەرکان بە دەنگی بەدەنگکردن و رایکی یەکگرتوو دەسپێنن کە لە هەر ستەمکی تاکەکەسی دەندانەترە. بەم شێوەیە تەدگین کە ئەوەی گەستاق لەبەن نووسیتی دوای چەند سەدەیەک سەلمێنراوە: جەماوەرکان عەقڵک نین حەقیقەت دروست بکەن، بەکو زریانکن حەقیقەت هەدەلووشن. عەقڵ لە لای ئەوان دەنگکی تەنیایە کە زریانی هەست و سۆز غەرقی دەکات تا دەمرێت.

تاسیتوس – Tacitus- نووسیتی: "جەماوەرکان بە خڕایی دەسەڵات دەدەن و بە خڕاتر وەریدەگرنەوە، بەبە هەکار خشتیان دەوێیت و رقیان لێتەدەبێتەو." ئەو دیزانیە کە جەماوەرکان نە بە دادپەروەری و نە بە عەقڵ بەڕێوە دەبرێن، بەکو بە هەوەسە گەاوکان کە وەک بایکی ژەهراویە. ئەمشو سەرکردەیەک بەرز

دەکەنەوە بە پلەی خوداکان و سبەی دەیدەنە بەر شەلاق. ئەم گەلانە نیشانەی ئازادی نیە، بەڵکو نیشانەی شەتیە. ئەوە بەڵگەیە کە کەمەکە پەندی لە ئەزمونەکانی تری وەرنەگرتووە و وەک زریانێکی کوێر هەر شتێک لەبەردەمیدا بێت هەیدەلوشێت.

حوکمیش لە ڕۆژهەڵاتدا جیاواز نەبوو. کینکو یوشیدا – Yoshida Kenkō- لە کتێبەکەیدا "تەڵامانەکان لە تەنیاییدا"، نووسیتی: "کەسێک کە لە بەهای ناجێگیری کات تێبگات، دەبێتە سەرکی کاتێک." ئاگەر لەم حیکمەتەوە خوەندنەوە بە جاماوەرکان بکەین، دەبینین کە ئەوان دوژمنی لە ناوچوونن، بەدوای بتەکاندا دەگەڕێن کە پێیان وایە هەتاهەتایە، بەڵام کاتێک ئەفسانەیەک دەپەرستن، دەبێتە نەفرەت، کاتێک سوجدەی بەدەبەن، لەی بەزار دەبن و دەیشکێنن. ئەوان حیکمەتی کاتی ڕەت دەکەنەوە، بەیە خەیان بە خەیاڵەوە دەبەستن، پاشان بە دەستکانی خەیان دەیشکێنن وەک منداڵێک کە یارییەکەی دەشکێنێت. بەم شێوەیە پێشبینی گەستاق لەبەن دەردەکەوێت: جاماوەرکان لەسەر بەڵگە بەیار نادەن، بەڵکو لەسەر هەست و سۆز. مەژوو بە دەستی جاماوەرکان دەنووسرێت کە زیاتر خەیاڵکانیان دەپەرستن وەک ئەوەی بەدوای حەقیقەتکانیاندا بگەڕێن. تەواوی مەژوو شانەیەکە بە شەتی جاماوەرکان، پڕەکانی نەک بە حبر، بەڵکو بە خوەن نووسراون، نەخشەکانی نەک بە عەقڵ، بەڵکو بە هاوارکان کێشراون.

سەیری سەدکان بکە کە بە جەنگکانی خاچپەرستی سووتان. ملیۆنان کەس نەک بە بەبونی بەڵگە، بەڵکو بە هەڵگرتنی خەیاڵێکی پیرۆز دەرچوون. نە بە عەقڵکانیان، بەڵکو بە هەست و سۆزکی کوێرانە جوەاون و لەدوای خەیان شارە وێرانەکان و لاشە کوژراوەکانیان جەهەشتووە، لە کاتکدا وایان دەزانی کە دەرگای بەهەشتیان بە دەکرێتەوە.
ئەوەی لە ئەزمونی دوێنەدا ژیا، پارێزراو نیە لە شەتی سبەینێ، بەڵکو دیسانەوە دەگەڕێتەوە بە هەمان بازنە. بەیە توکفیل لە "دیموکراسی لە ئەمریکا"دا نووسیتی: "**ستەمی زەرینە مەترسیدارترە لە ستەمی پاشاکان.**" پاشا لەش دەکوژێت، بەڵام جاماوەرکان ڕوح دەکوژن، چونکە تاکەکەس ناچار دەکەن کە لە ناویاندا بتوێتەوە و عەقڵ دەکەنە تاوانێک کە بە دەرکردن و مردنی سمبەلی سزا دەدرێت. چونکە جاماوەرکان بە یادەوەرین، نا هەشیارن، هەر وانەیەک کە بە خوەن نووسرابێت، بە هاواری دواتری سەدەبێتەوە. ئەفسانەیەک کە ئەمشەو دەکوژرێت، سبەینێ بە جلوبەرگکی نوە دەگەڕێتەوە. مادام

تاکتیکس لە کەمپەینەکانیاندا دەتوانێت، نەخشەیەکی دووبارە دابڕێژێتەوە و دەنگی لە زریانی هەست و سۆزکاندا وون دەبێت. عەقڵ پێویستی بە بەدەنگی هەیە تا مرۆڤ گوێی لە بگرێت، بەڵام جەماوەرکان زریانێکن تەنها رێ بە هاوار دەدەن. بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە مێژووە هەڵەکی راست نییە بەرەو پێشکەوتن، بەڵکو کەوانێکی شکاوەو هەمیشە بەرەو وێرانی دەچەمێتەوە. بەڵگەکان لە ژێر هەژمونی جەماوەردا دەووخێن و ئەفسانە لە هەموو گۆڕەپانێکدا وەک شاژنی تاجدار دەمێنێتەوە. ئەمە دەندەیی ئەو شتەیە کە گوستاف لە بۆن بینیویەتی: جەماوەر بە عەقڵ داهاتوو نانووسێت، بەڵکو بە هەمان ئەو چەقێیەی کە ئێستای خێی دەبڕێت و ئابردوو دادەتاشێتەوە.

وەرگێڕان و ئامادەکردنی لە عەرەبییەوە: گەران عەبدوڵا

_____

سەرچاوە: چەناڵی یوتوبی تراجیدیا

تارمایی شۆشی کۆمەڵایەتی بەسەر ئۆجینەداکانی بەرژوازیدا.. موئەید ئەحمەد

تێبینیی لەسەر کۆنگرەی سلێمانی (هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی)دا!

لە شاری سلێمانی – هەرێمی کوردستان لە عێراق، لە نێوان ٢٧-٣٠ی ئابی (٢٠٢٥)، کۆنگرەیەکی حیزب و بزووتنەوە چەپڕەوەکانی [هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی]دا (SDA-AW) بەڕێوەچوو. ئەم کۆنگرەیە ئەو سەرنجەی ڕانەکێشا کە شایەنی باس بێت، چونکە لە ڕووی شێوەی جیاواز نەبوو لەو کۆنگرانەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتی) لە دوو دەیەی ڕابردووەوە بڕیاندوونە دەخات بە دامەزراوە بەرژوازییە جیهانییەکان و حزبەکانیان و

سەنتەری فکریی نیولیبرالیی کانیان لەم شاردا. کۆنگرەکە بە سپۆنسەری (یەکگرتی) لەکخرا، و (بافڵ جەلال تالەبانی)، سەرکی (یەکگرتی)، بە سەرکی ئەم هاوپەیمانییە هەڵبژردرا.
بەڵوچوونی ئەم کۆنگریە لە سلەمانی، لە کاتکدایە کە چەپکی فەرمانڕەوایەتی میلیشیایینە و دیکتاتریانەی هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار، پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) و (یەکگرتی)، بە خرایییەکی زیاتر و بەردەوام، توندتر دەبتەوە بەسەر جەماوەردا لە هەرەمی کوردستان، و ئەم کۆنگریە لە کاتکدایە کشوهەوای میلیتاریزم و شۆڕشگێڕی یەکلاییکردنەوەی خوناوی حسابات نەوان هەزە چەکدارە میلیشیاییکانی (یەکگرتی) و نیارە سیاسییەکانی، لەناو خودی سیستەمی حوکمانیدا، هەشتاش سەبری خی بەسەر ئەم شاردا کشاوە، هەروەها لە کاتکیشدایە کە کرکاران و فەرمانبەران و مامستایان بەهەی پنەدانی مووچەکانیان لە سە مانگی هاویندا، لە دەخکی ئابووری خراپدا دەژین، نەک هەر ئەم بەکو لە کشوهەوای سەرکوتکردنی زیاتری خپشاندانی مووچەخەران و ئەو خپشاندانانەشدایە کە خەکی پێی هەڵدەستن بە مافە واکانیان. هەموو ئەمانە بە شێوەیکی گشتی بەگیەکی حاشاهەڵنەگرن لەسەر ئەوەی کە ئەم کۆنگریە چەندە چەواشکارانەیە کاتک بەشداربووانی باس لە ئازادییە سیاسییەکان و دادپەروەری کۆمەایەتی و گوتاری لەم چەشنە دەکن.
ئەو حزبانەی لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون، خیان بە خاوەنی ناوباز و کارنامەی "دیموکراتی کۆمەایەتی" دەزانن و بانگشەی ئەوە دەکن کە ئەمەوای لەکردوون هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەایەتی لە جیهانی عەرەبیدا(SDA-AW) پکبهنن و بەم شێوەیە ناوی لەبنن. دیارە ئەم ناوە لە ناوی (سۆشیال دیموکراتی)یەوە وەرگیراوە دوای سینەوەی وشەی سۆشیال و گەینی بە وشەی "کۆمەایەتی"، تا بگونجە هەم لەگەڵ کارنامە سیاسییەکیان، و هەم لەگەڵ ئەوەی کە لە کشوهەوای ئستای بەرژوازی جیهانیدا باوە؛ واتە ئەو ناوگا و ناوە نوییانەی کە بەکاریان دەهنت لە هەوە و کششکانیدا بە پکخستنی (احتواء) بزووتنەوە سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕییەکان.
ئەم کۆنگرەیەی (SDA-AW) لە سلەمانی، شت گەلکی زیر لە خدگرت لە مژوو و ئەوەی کە لە جیهانی سەرمایداری دەروبەرماندا ڕوویداوە و ڕوودەدات، هەر لە سەرکوتکردنی خباتی کرکاران و زەحمەتکشان و جەماوەری ژنانی چەوساوە و لاوانی شۆڕشگێڕ بە دژی سەرمایداری جیهانی بگرە، تا ڕادەی حیزبە سۆشیال دیموکراتە ڕەفەرمخوازەکان لە مژوودا، لە پکخستنی خباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کرکار و زەحمەتکش، تا خیانەتکردن لە شۆڕشی سۆشیالیستی

جیهانی و هاوپەیمانی لۆگۆ بەرژوازی نەتەوەیی لە وڵاتەکانیاندا، لە دەیەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا. هەروەها، تارمایی ڕاپەڕینە شۆشگێڕییەکانی ساڵی (٢٠١١) لە میسر و تونس و وڵاتانی دیکەی ناوەڕاست بەسەر ئەم کەنگرەیەوەیە. ئەم سەرهەڵدانەی ئەوەمان بیرمان دەهێنێتەوە کە بەسەر (جەمال عیرفان) و هاوەڵیانی هات کاتێک لە (١٢)ی کانوونی یەکەمی (١٩٢٢) لە شاری سلێمانی لایەن دەسەڵاتدارانی عەشایەری کوردییەوە تیرەر کران بەهەی بیرکەوە سۆشیالیستییەکانیانەوە و وەک هەندێک دەڵێن بەهەی پەرەپێدانی بیرکەکانی بەلشەڤیکەوە.
بە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم بارەیەوە، پەیوستە ئاماژە بە هەندێک زانیاری مێژوویی بدەین سەبارەت بە ئاسەی ئەم هاوپەیمانییە و پەیوەندیشی بە ئاسە و کارنامە و پڕاکتیکی حیزبە سۆشیال دیموکراتە جیهانییەکان و حیزبەکانی تریەوە.
(هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبیدا) (SDA-AW) بەشێکە لە (هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز) [Progressive Alliance (PA))]، کە ئێستا زیاتر لە (١٥٠) حیزب و ڕێکخراوی تێدایە، لەوانەش حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا و حیزب و ڕێکخراوە جەراوجۆرەکانی تری وڵاتانی جیهان، کە (یەکێتی)ش ئێندامە تێیدا، وەک لەم لینکەی خوارەوەدا دیارە.(١)
(PA) لە شاری لایپزیگی ئەڵمانیا لە (٢٢)ی ئایاری (٢٠١٣) بە بەشداری (٧٠) حیزب و ڕێکخراو و بە دەستپێشخەری حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD) دامەزرا، ئەمەش پاش کشانەوەی ئەم حیزبە لە سۆشیالیست ئینتەرناسیونال (SI)، دوای ڕووداننی ڕاپەڕینە شۆشگێڕییەکانی میسر و تونس لە ساڵی (٢٠١١) کە کەتایی بە حوکمی دوو حیزبی دەسەڵاتدار لە تونس و میسر هێنا کە ئێندام بوون لە (SI)دا.(٢)
بەمجۆرە هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA) وەک جگرەوەیەک بە سۆشیالیست ئینتەرناسیونال (SI) دامەزرا کە لە ئێندامەتی خێدا حیزبی دەسەڵاتداری تونس؛ (کۆمەڵی دەستووری دیموکراتی) بە سەرکایەتی زەین العابدین بن عەلی، و لە میسر؛ (حیزبی نیشتمانی دیموکراتی) بە سەرکایەتی (حوسنی موبارەک)ی لێخگرتبوو.
سۆشیالیست ئینتەرناسیونال (SI) تا ئێستاش بە هاوتەریب لەگەڵ هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA) بوونی هەیە و بەپێی وێبسایتی فەرمی خێی، ژمارەیەکی زۆر کە زیاتر لە (٨٠) حیزب دەبێت، لەوانەش (یەکێتی)، ئێندامی تەواون لێنوێدا.(٣)
هەرچی هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی (SDA-AW)یشە، درێژکراوەی (فۆرمی دیموکراتی کۆمەڵایەتی) یە کە لە

ساڵی (٢٠١٥) لە تونس دامەزرا و پاشان ناوی گۆڕا بۆ (SDA-AW) کاتێک لە ئێلولی (٢٠٢٤) پەیوەست بوو بە هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA)ەوە.

لەم ووتارەدا، پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان ووداوەکانی شەشکانی میسر و تونس و ئەم فاکتەرەی کە لە ساڵی (٢٠١٥) لە تونس بەم ناوەوە پێکهات. هەروەها، دەرکەوتنی (PA)، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە شەشکانی میسر و تونسەوە هەیە، چونکە ئێتر ئەوە بابەتێکی ڕیسواکارانە و سەرچاوەی مەترسی دەبوو بۆ حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا و حیزبە هاوشێوەکان و بۆ ئەرکەکانیان لە پێکخستنی بزووتنەوە شەشگەیی سۆشیالیستییەکان لە ئەورووپا، ئەگەر بمانایەتەوە لە چوارچێوەی "ئینتەرناسیۆنالێکدا کە تا دوێنێ حیزبگەلێکی دەسەڵاتداری لەخۆگرتبوو کە لەلایەن شەشکانی میسر و تونسەوە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١١)دا، ڕووخێنران.

کورتەیەک لەبارەی پێشهاتەکانی دوای هەرەسهێنانی "ئینتەرناسیۆنالی دووەم"

ڕەنگە ئەمە سەیر بێت، بەڵام ڕاستییەکە کە ئەم کەنگرییە لە سەلەمانی پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆی هەیە بە مەژوویەکەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (١١٠) ساڵ لەمەوبەر، و بەتایبەتی بە هەرەسهێنانی "کەنگرەی سۆشیالیستی ئینتەرناسیۆنال"، کە بە "ئینتەرناسیۆنالی دووەم" ناسراوە، وە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابەشبوونە گەورەیەی (الانشقاق الکبیر) کە لەناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئەورووپادا ڕوویدا لەسەر بنەمای هەڵوێست بەرامبەر بە جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)، و بەم پێیەش پەیوەندی بەو دابەشبوونە و بەو هەوانەی ئەو حزبانەوە هەیە کە ناسراون بە سۆشیال دیموکراتی ڕیفەرمخواز لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستیدا لەسەر ئاستی چالاکییە جیهانییەکەیان.

هەرەسهێنانی ئینتەرناسیۆنالی دووەم، یان وەک لینین دەڵێت "مایەپووچی ئینتەرناسیۆنالی دووەم" لە کاتی ئەو جەنگەدا، بەهۆی هەڵوەستی نەتەوەپەرستی شۆڤێنی زۆربەی حیزبە سەرکییە ڕیفەرمخوازەکانی پێکهێنەرییەوە بوو، بە پێچەوانەی هەڵوەستی ئینتەرناسیۆنالیستی سۆشیالیستی شەشگەوە، بەرامبەر بە جەنگ. واتە بەهەی هاوێزیان بوو لەگەڵ بەرژوازی دەسەڵاتدار لە وڵاتەکانیان و گرتنەبەری سیاسەتی بەردەوامیدان بوو بە جەنگ بە هەموو ئەو کارساتانەی کە لێی کەوتەوە، بە بەردەوامبوونی تاوانەکانی کوشتار دژی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەر بەگشتی

لە وڵاتانی شۆکەردا. لە ئەنجامدا، گرتنبەری سیاسەتی "بەرگری لە نیشتمان" لە جەنگێکی ئیمپریالیستی تاوانکارانەی سەرمایەدا کە هەگیرسا و بەردەوام بوو لەپەناو دابەشکردنەوەی تاسانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی لەسەر ئاستی جیهانیدا.
لە بەرامبەر ئەم گەانکارییانە لەناو بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئەوروپای ئەو کاتەدا، سۆشیالیزمی شۆشگەی ئینتەرناسیونال بەدەنگ نەبوو، بەکو هووبووی سیاسەتی ئەم حیزبە یەفەرمخوازانە و هەوەست و پراکتیکانیان بووەوە کە شۆڤنیزم و هەڵپەرستی و "خیانەت" زاە بوو بەسەریاندا لە دژی سۆشیالیزم و شۆشی سۆشیالیستی.
حیزبە سۆشیالیستە شۆشگەی ئینتەرناسیونالیەکان و سەرکردەکانیان وەک لینین و تزا لوکسەمبەرگ و تڕتسکی بەردەوام بوون لەسەر هەبازی سیاسی شۆشگەی مارکسی بەرامبەر بە جەنگ، و ئەو قەیرانە شۆشگەانەیەی کە لەکەوتبووەوە لە ئەوروپا، هەبازێک کە پێشتر هەر لەلایەن ئەم بەڵکەی حیزبە سۆشیالیستە شۆشگەانەوە پەسەند کرابوو لە کۆنگرەکانی حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپادا؛ کە بریتی بوو لە دژایەتیکردنی جەنگ و خەبات بۆ هەگیرسانی، و خەبات بۆ گەینەی بە جەنگێکی شۆشگەانە، واتە بۆ شۆشێکی پرۆلیتاری سۆشیالیستی دژی چینی بۆرژوازی دەسەاتدار لە حاەتی هووداندا و بەردەوامبوونی جەنگدا و هەر حزبێش لە وڵاتی خۆیدا. بەشداریکان و پرۆلیتاریا لە هووسیا سەرکەوتوو بوون لە بەدیهێنانی ئەم شۆشە پرۆلیتاریە و دەسەاتی سیاسییان گرتە دەست، بەام بزووتنەوەی پرۆلیتاری سۆشیالیستی لە وڵاتانی تری ئەوروپا بە چەندین هۆکار نەیانتوانی ئەمە بەدیبهێنن.
ژمارەی حزبە سۆشیالیستە شۆشگە و ئینتەرناسیونالیەکان زۆر زیادی کرد، ئەویش بەهۆی ئەو گەانکارییانە و ئەو دابەشبوونانەی کە لەناو هێزەکانی حیزبە سۆشیال دیموکراتیەکانی ئەوروپادا هووبدا، کە بووە هۆی دروستبوونی حیزبە سۆشیالیستە شۆشگەکان کە هەبازێکی شۆشگەی ئینتەرناسیونالیان گرتبووەبەر و ناوی خۆیان نا حزبی کۆمۆنیست، ئەمەش دوای ئەوەی حزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی هووسی (باڵی بەلشەڤیک) ناوی خۆی گەیی بە حیزبی کۆمۆنیستی هووسی لە ساڵی (١٩١٨)دا.
سەردەمی قەیرانێکی شۆشگەی گەورە لە ئەوروپا دوای ئەم گەانکارییانە دەستی پێکردبوو، و ئاگری هەگیرسانی شۆشێکی سۆشیالیستی جیهانی لە کارنامەی مێژووبا بوو و لە ئاسەدا دیار بوو. لەناو ئەم بارودۆخانەدا، ئینتەرناسیونالی سێیەم کە بە ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیستی ناسراوە، لە مۆسکۆ لە ساڵی (١٩١٩)

دامەزرا.
بە مەرگی لینین لە ساڵی (١٩٢٤) و هاتنە سەرکاری ستالینیزم و پاشکشەی شۆڕشگێڕی لە ئەورووپا، ئەم ئینتەرناسیونالە لەو و ناوبانگی پشووی لەدەستدا، و سەرەڕای ئەوەی کە گەلاوێژ بە ئامرازێک بە دەستی ستالین و تاقمە دەسەڵاتدارەکەی یەکێتی سۆڤیەت بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییە سیاسییە نەتەوەییەکانیان، بەڵام هەر بەردەوام بوو تا ساڵی (١٩٤٣) کاتێک ستالین هەوەشاندنەوەکەی ڕاگەیاند لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکەیدا لەگەڵ هێزەکانی وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژاوا لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا.
هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی حیزبە کۆمۆنیستەکان و دامەزراندنی ئینتەرناسیونالی سێیەم، حیزبە سۆشیال دیموکراتە ڕەفەرمخوازەکانیش لەناو ئەم گەلانکاریانەدا دەستیانداید هەوڵەکانیان بە ژیاندەوەی ئینتەرناسیونالی دووەم بکەنەوە هەمان هێڵباز و هێڵی سیاسی کۆن کە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی سێیەم. بەمجۆرە بۆشایەک لە حیزبەکانیان لە شوباتی (١٩١٩) لە بەرنی سویسرا کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی ئینتەرناسیونالی دووەمی دووبارە دامەزرێنراوە، یان ئەوەی کە بە "ئینتەرناسیونالی سۆشیالیستی کرێکاری" ناسراوە.
دوای ماوەیەک، نوێنەرانی ئەوەی کە ناسراوە بە ڕووتی میانڕەو لە بزووتنەوەی سۆشیال دیموکراتی ئەورووپا، لە شاری ڤیێنا لە نەمسا کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی (یەکێتی حزبە سۆشیالیستە کرێکارییە نەونەتەوەییەکان) واتا "ئینتەرناسیونالی ڤیێنا" لە شوباتی (١٩٢١) کە حیزبە کۆمۆنیستەکان بە گاڵتەجاڕی ناویان لێنابوو "ئینتەرناسیونالی دووەم و نیو". دواتر و لە کۆتاییدا، ئینتەرناسیونالی دووەمی دامەزرێنراوە و "ئینتەرناسیونالی ڤیێنا" لە کۆبوونەوەی هامبورگ لە ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩٢٣) یەکیان گرت بۆ پێکهێنانی ئەوەی کە دواتر بە سۆشیالیست ئینتەرناسیونال (Socialist International) ناسرا و تا ساڵی (١٩٤٧) بەردەوام بوو لە کارکردن و هەر لەو ساڵەشدا هەوەشاندنەوەی ڕاگەیەندرا.
دوای ئەوە جەکخراوەکی نوێ بە هەمان ناو، واتە سۆشیالیست ئینتەرناسیونال (SI)، لە کۆنگرەی لەندەن دامەزرا، وەک میراتگری جەکخراوەیی و فکری ئینتەرناسیونالی سۆشیالیستی پشوو. (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە تا ئێستا ئەندامە لەم جەکخراوەدا هاوکات لەگەڵ ئەندامێتییەکەیدا لە هاوپەیمانی پشکەوتنخوازدا (PA).(٤)
هەرچی ئینتەرناسیونالی چوارەمە، بە دەستپێشخەری لیۆن تڕۆتسکی، لە سێپتەمبەری (١٩٣٨) دامەزرا لەلایەن جەکخراوە چالاکەکانەوە لە

چەندین وڵات، داکۆ هێزی تیۆری و سیاسی و ڕێکخراوەیی و تێزەکانی تڕۆتسکیان گرتبووەبەر سەبارەت بە کۆمەڵگەک پرسی سەرکی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا، لەوانە پێناسەیەکی تایبەت بە دەوڵەت لە یەکێتی سۆڤیەت وەک "دەوڵەتێکی کرێکاری شێواو" لەژێر سەرکردایەتی ستالین، و چەندین تێز و بیرۆکەی بنەڕەتی تر.

ئینتەرناسیۆنالی چوارەم لە دەخێکی جیهانی نوێدا سەریهەڵدا کە هەوبەدەوی چەندین ئاستەنگی ڕێکخراوەیی و سیاسی و فکری، و هاوەدوناتی بەردەوام بووەوە لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ستالینەوە لە زۆرێک لە وڵاتان. دوای تێرۆرکردنی تڕۆتسکیش لە مەکسیک لە (٢١)ی ئابی (١٩٤٠)، لەلایەن سیخوڕێکی ستالینەوە، یەکەم دابەشبوون لە ڕیزەکانیاندا لە هەمان ساڵدا هاوبەدا، بەڵام گەورەترین دابەشبوون لەناو ڕیزەکانی ئینتەرناسیۆنالی چوارەم لە ساڵی (١٩٥٣) هاوبەدا سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ستالینیزم، و کارکردن لەناو حیزبە جەماوەرییەکان و چەند پرسێکی تر.(٥)

ئەمە، جگە لە دەرکەوتنی چەند ڕەوت و ڕێکخراوی لایەنگر لە هەڵی تڕۆتسکی، بەڵام لە چوارچێوەی ئینتەرناسیۆنالی چوارەمدا ڕێکنەخرابوون، و گەشەیان کرد بەتایبەت لە ساڵی (١٩٤٨) بەدواوە، وەک حیزبی کرێکارانی سۆشیالیست (SWP) بە سەرکردایەتی تێنی کلیف، و ڕەوتی میلیتانت (Militant Tendency) بە سەرکردایەتی تێد گرانت.

لە ئێستادا هەوڵەکان لەئارادان بۆ بنیاتنانی ئینتەرناسیۆنالێکی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕ لەسەر ئاستی جیهانی، و هەر ئیستا حیزبە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان لە چەندین وڵاتی جیهان دامەزراون کە لە بنەڕەتدا لەو ڕێکخراوانە پێکهاتوون کە سەر بە (ڕەوتی مارکسی ئینتەرناسیۆنال) (International Marxist Tendency (IMT)] بوون، و لەم ڕاستایشدا کۆنگرەی دامەزراندنی (ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ) یان لە حوزەیرانی (٢٠٢٤)دا بەست و یەکەمین کۆنگرەی جیهانی ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕیش لە ئابی (٢٠٢٥) بەڕێوەچوو.(٦)

پێویستی بنیاتنانی ئینتەرناسیۆنالێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی، لە ئێستادا بە یەکێک لە ئەرکە لەپێشینەکانی کۆمۆنیستەکان دادەنرێت، سەرەڕای هەر ئاستەنگییەکی تیۆری و سیاسی و ڕێکخراوەیی جەراوجەر کە هەوبەدەوی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە دەبنەوە. بەمپێیش لەکەینەوە و گفتوگۆکردن لەم بارەیەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی.

(PA) و (SDA-AW) لە کوێی نەخشەی ململانێی چینایەتی جیهانی و هەرەمیدا وەستاون؟

ئەو بابەتەی کە لەردا دەمەوێت باسی بکەم، هەستەنگاندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی جیهانی و وردەکاریی دابەشبوونەکانی ناو ئیزمەکانی نییە، یان وردەکارییەکانی چارنووسی ئەو کەسووناوە جیهانییانەی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی و ململانیی هێزە سیاسی و فکرییە جیاوازەکانیان نییە، هەروەها هەستەنگاندنی ئەزموونی ئینتەرناسیونالی سێیەمیش نییە دوای مەرگی لینین و ئەو تاوانانەی کە حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، لەسەر دەستی ستالین و شوێنکەوتووانی، ئەنجامیان دا، و ئەو گورزانەش کە سەرواندیانە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و هێوندی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی.
ئەوەی دەمەوێت لەم بەشەی وتارەکەمدا ڕوونی بکەمەوە، ئەوەیە کە چ شتێک هێزی ئەو حزبانەی (هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز) [Progressive Alliance (PA)] ، و دیارە هێزی ئەو حیزبانەش لە (هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمۆنیستی جیهانی عەرەبی SDA-AW)دا دەبەستێتەوە بە نەخشەی ململانی چینایەتی نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریای هاوچەرخی جیهانی، لە ناوچەی هێژەمۆنیاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش کە ئەم کەنگرێ تێیدا بەشوێچوو.
هەر وەک بینیمان، مێژووی هەریەک لە سۆشیالیست ئینتەرناسیونالی (SI) و هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA) دگۆڕێتەوە بە هێوتی هەڵپەرست و نێتەوپەرستی شۆڤێنی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی جیهانی و هێوستی دژ بە بۆرژوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دژ بە گۆشکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا. بەڵام، سەرەڕای ئەم پەیوەندییە مێژووییە هاوبەشە، هەردوو (PA) و (SDA-AW) پەیوەندییەکی تریان هەیە بە مێژوویەکی نزیکتر لە ململانێی چینایەتی، کە ململانێی چینایەتی هاوچەرخ و هەوڵەکانی سۆشیال دیموکراتی ئەوروپایە کە ئامانجی بەهەزکردن و پەکخستنی شۆڕشە هاوچەرخەکانە، ئەمەش دوای ئەزموون وەرگرتنیان لە ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی تونس و میسر و ڕووخاندنی دوو حیزبی دیکتاتۆر کە ئەندام بوون لە هەمان کۆمەڵەی (SI) کە ئەم حزبە سۆشیال دیموکراتانەی لەخۆگرتبوو.
بە بەدیهێنانی ئەو کارنامە هاوچەرخە، هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA) پێکهێنرا، ئەمەش لە هێگەی ڕووخساڕجوانکردن و دوورکەوتنەوە لە هەندێک دەسەڵاتداری دیکتاتۆری ئاشکرا و گۆڕینی ناوەکێ بە شێوەیەک کە وشەی سۆشیالیزمی تێدا نەبێت بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئەرکە سەرکییەی خەی کە بریتییە لەوەی شۆڕشگێڕی بخاتە ژێر کۆنفی خەیاوە و لەباری بەرێت. هەروەها حزب و هێکخراوەکانی (هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمۆنیستی جیهانی عەرەبی SDA-AW)دا بەپێی هەمان ئاستە و کارنامەی سیاسی بۆرژوازی هێفڕمخواز و لە

ووی گەلانکاریی شۆشگێڕیکانی تونس و میسردا پێکهێنران و ناوی خۆیان نا "دیموکراتی کۆمەڵایەتی"، و بەشوێکی سروشتی لەگەڵ تۆندبوونەوەی ململانێی چینایەتیدا، هەوڵی ئیفلیجکردن و پێکخستنی شۆشکان دەدەن.

مەژووی سۆشیال ئینتەرناسیونالەکان (SI) پێیوەندە بە ئاڵاستەیەکی دژ بە ئاڵاستەی مەژووی گۆشکردنی شۆشی سۆشیالیستی جیهانی لە ئەوروپا و پێیوەندیشە بە ئاڵاستەیەکی دژ بە ئۆگری یەکگرتن و لەکهەڵپێکان بە کاروانی ئەم شۆشە جیهانییە و خەبات بە ڕزگاربوون لە چنگی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لە لایەن خەباتە جەماوەرییەکانی وڵاتانێک کە ئەو کاتە بە وڵاتانی تەژهەڵات ناسرابوون.

هەریەک لە (PA) و (SDA-AW) بەدەر لە تایبەتمەندیی هەر یەکێک لە حزبەکانیان، لە ڕاستیدا بە سنووردارکردنی کاریگەریی ڕاپەڕینە جەماوەرییە شۆشگێڕیەکان لە جیهانی عەرەبیدا سەریان هەڵداوە، وگوزارش لە هەوڵەکانی بەرژوازی دەکەن بە ڕاگرتنی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخ لە چوارچێوەیەکدا کە بنەماکانی سیستەمەکە نەووخێنێت. واتە، هەریەک لە (SI)، و (PA) و تەکخراوە ناوچەکەشیان (SDA-AW)، جگە لە ناوەڕۆکی چینایەتی بەرژوازی هاوبەشیان، سیمای سیاسی هاوبەشیشیان هەیە لە پێیوەند بە ئەرکەکانیانەوە کە پێکخستنی شۆشە؛ واتە شۆشی سۆشیالیستی لە ئەوروپا و ڕاپەڕینە شۆشگێڕیەکانی میسر و تونس. و بەم پێیەش، ئەوان ئامرازگەلێکی سیاسی و تەکخراوەیی بەرژوازی تەفەرمخوازن بە کەمکردنەوەی گورزەکانی شۆشکان و بە پاراستنی سیستەمی بەرژوازی.

ململانێی چینایەتی و شۆشی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئێستادا

ئەمڕۆ لە جیهانێکی سەرمایەداریدا دژین کە بە ئەندازە لە ڕووی ئابووریەوە بەیەکەوە بەستراوەتەوە، بە شێوەیەک نەک تەنها سەرمایە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەموو شوێنیکی زەویدا کۆنترۆڵ کردووە، بەڵکو ململانێی چینایەتی نەوان دوو جەمسەری ئەم پێیوەندییەش، واتە ململانێی نەوان کار و سەرمایە، نەوان بەرژوازی و پرۆلیتاریا لە هەر وڵاتێکی جیهاندا، زیاتر لە جاران بووەتە جیهانی، و بەم پێیەش سیاسەت، کە شتێک نییە جگە لە پێیوەندی نەوان چینە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو جیهانی بووەتەوە. هەروەها، ململانێی چینایەتی وەک بزوێنەری مەژووی کۆمەڵگەکان، پێکهێنانی ئینتەرناسیونالێکی پرۆلیتاری سۆشیالیستی شۆشگێڕی کردەتە ئەرکێکی گرنگ کە ناکرێ دوابخرێ، ئەمەش سەرەڕای زاڵبوون و کاریگەری هێزە بەرژوازییەکان لەسەر هۆوەندی بارودۆخی سیاسی لە

وەتانی جەراوجەردا و لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی.
بە پێچەوانەی ئەوەی کە دیاردەکان پێمان دەڵێن، ململانێی نێوان ئەم دوو چینە بەردەوام کاریگەری خۆی جەدەلەت بەسەر هەموو کردەیەکی سیاسی و پلانێکی سیاسی و ململانێ سیاسی و فکرییەکانی ناوەتەوە بەرژوازییەکاندا، وە سروشتی حزبەکان و بەرنامە و پراکتیکە سیاسییەکانیان و کابووندەوە و هاوپەیمانییە جیهانی و ناوچەییەکانیان و سروشتی چەندان شتگەلی تریش، دیاری دەکات بە شێوەیەک کە ناتوانرێت بە هیچ جۆرێک باس لە جیابوونەوەیان لەم ململانێ چینایەتییە بکرێت.
ئەمە و، جەنگەکان و ململانێیە جیەسیاسی و ستراتیژی و جیئابووریەکان لە نێوان دەوڵەتکاندا، وەک قەوارەی سیاسی نەتەوەیی سەرمایە و لەناو سیستەمی سیاسی بەرژوازی جیهانی هاوچەرخدا، و لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و جەسارە ناوچەییەکان و دەوڵەتکانی تردا، جەنگ و ململانێی نوێنەرانی سەرمایە و دەوڵەتکانیانن بە دابەشکردنی بازاڕی جیهانی لە نێوانیاندا. ئەو جەنگانە، جەنگی بەرژوازی دەسەڵاتدارن لە هەر دەوڵەتکدا کە سیاسەتە دژەکییەکان و جەنگکانیان ئاستوخەم پێوەندییان بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆنترۆڵ و سەروەری چینایەتییانەوە هەیە لەناو کۆمەڵگادا، و بەم پێیش پێوەندییەکی ئاستوخەیان بە ململانێی چینایەتی نێوان پرۆلیتاریا و بەرژوازییەوە هەیە لەناو وەتەکانیشیاندا.
لەم (٤٥) ساڵەی ئابردووەدا، جیهانی سەرمایەداری بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە بەهۆی جیهانگیریی زیاتری جووڵە و کۆکابوونی سەرمایە و کردنەوەی بازاڕە جیهانییەکان لەبەردەمیدا، تا کاتێک لە ساڵی (٢٠٠٨)دا تووشی قەیرانی سەرمایەداری بوو، هاوکاتیش، بەهۆی سیاسەتە ئابووریە نیۆلیبراڵییەکانی سەرمایەوە بەدرێژایی ئەم چەند دەیەیە کە تا ئێستاش بەردەوامە. بەڵام ئەم جیهانگیرییە ئابووریە و ئەم سیاسەتە نیۆلیبراڵییانە، بە گشتی لە پێکهاتەی خۆیاندا، هەڵگری شۆنپەنجەی ئەم شێوە چینایەتییە بوون لە نێوان کار و سەرمایەدا، و سەرمایە جیهانێکی نەخوڵقاندووە جگە لەوەی کە خۆی تێدا بەدیبهێنێت، کە ئەمەش بە واتای توندوتیژکردنەوەی هەرچی زیاتری ئەو دژایەتییە چینایەتییە دێت کە سەرمایە لە دووتوێی خۆیدا و لە جووڵە و کۆکەیی بەردەوامیدا فەراهەمی دەهێنێت.
وەڵێخستنی نیۆلیبراڵیزمی ئابووری وەڵامێک بوو لەلایەن بەرژوا ئیمپریالیستی ئۆژاوا و بە قەیرانی سەرمایەداری، بەڵام ئەم وەڵامە شتێک نەبوو جگە لە شێوەکی چینایەتی و سیاسەتێکی ئابووری و هەرشێکی فکری و کلتووری بە کردنەوەی مۆدا و لابردنی هەموو ئەو

بەربەستانی کە ڕێگر بوون لە بەردەم جووڵە و کۆکبوونی سەرمایە، و زاڵبوون بەسەر قەیرانی کۆکبوونیدا. ئەمەش پێویستی بەلابردنی بەربەستاکان و زیادبوونی قازانجکانی سەرمایە بوو بە شێوازی جەراوجەر و لە هەمووشی گرنگتر، پیویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی چینایەتی بوو دژ بە چینی کرێکاری جیهانی و دژ بە یەکێتیی کرێکاریەکان و سەندیکا و ئۆرگانەکانی خەباتکاری بەکۆمەڵی ئەم چینە جیهانییە، شۆڕشێک کە ئامانجی ئەو بوو قورسایی قەیرانەکەی بخاتە سەر شانی ئەم چینە جیهانییە، بە ئاکامکێشیەوە لە هەژارکردنی زیاتری و چەوسانەوەی چەتری، هەروەها بە کەمکردنەوەی بەردەوامی ڕۆژانەی دەوڵەت لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەیی گشتیەکان بڵیان.
پلاتفۆرمی بەرژوازی جیهانی، هەرشێکی چەوپێڵ بە سەر هەر قۆناغێکی بەرخۆدان و داسەپاندنی دەسەڵاتدارێتییەکایەتی بەسەر گشت ئەوانەدا کە بە هەزی کاریان دەژین، لەگەڵ وڵاتانی هەموو ئەو شتانەی کە پێوەندییان بە خۆشگوزەرانییانەوە هەیە. کۆکبوونی هەرچی زیاتری سەرمایە بە شێوەیکی ئەفسانەیی لە دەستی کەمایەتییەکدا لە یەک جەمسەردا، و نەهامەتی هەرچی زیاتر لە جەمسەرەکەی تردا بە زربەی دانیشتوانی گەی زەوی بووەتە فاکتی ئەمڕۆی جیهان و هەر لەم ڕاستایشدا دەوڵەتە بەرژوازییەکان لە هەموو جیهاندا بە شێوەیکی ئاشکرا بوونەتە ئامرازی ستەمی سەرمایە بەرامبەر پرۆلیتاریا.
هیچ سیاسەت و کارێکی سیاسی گرنگی ئەوتە نییە کە بە شێوەیک لە شێوەکان پەیوەندی بەم واقیعە ئابووری و کۆمەڵایەتییە جیهانییە و ناکۆکییەکانی و ململانێی چینایەتیی بەردەوام لە پێکهاتەکەیدا نەبێت، یان ڕەنگدانەوەی کاریگەریی یەکێک لەو دوو بژاردەیە نەبێت کە بە شێوەیکی کردەیی هاتوونەتە بەردەم مرۆڤایەتی لە جەنگی جیهانی یەکەمی ئیمپریالیستیەوە، کە ئەوانیش بریتین لە: یان سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی و ئینتەرناسیونالی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕ و ڕووخاندنی سەرمایە و بنیاتنانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای خۆشگوزەرانی مرۆڤ و ڕزگاربوونی لە ستەمی چینایەتی و سەرکوتی سیاسی و جەنگکان و پاشکۆی مەعنەوی، یان بەردەوامیدان بە بادەستی سەرمایە و تاوان و جەنگکانی، و بە یەک وشە، وەک ڕۆزا لوکسەمبورگ دەڵێت: (سۆشیالیزم یان بەربەریەت).
قۆناغبووندەوەی ململانێی جیۆپۆلیتیکی و ئابووری و جیۆستراتیجی لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتە بەرژوازییە ناوچەییەکاندا لەسەر بنەمای قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخ و زیادبوونی میلیتاریزم و پشبەکێی چەکداربوون، و جەنگکانی ئێستا، لە ئۆکرانیا و کەمەکوژی لە غەززە و جەنگی ئیسرائیل و

ئەمریکا لە هێزەهاتی ناوەڕاست و جەنگ لە نێوان ئیسرائیل و ژمی سیاسی ئیسلامی لە ئێران و بەرزبوونەوەی بەردەوامی نیفاشیزم لە وڵاتانی ئیمپریالیستی دژئاوا، هەموویان شایەتحاڵی بەرزبوونەوەی ئەم کەنەپەرستییە سیاسییە و ئەم میلیتاریزمەی هێزە بەرژوەوەندیە جیهانییەکان و دەوڵەت و حزب و هێزە چەکدارەکانیانن.
قورسایی وێرانکاری هەموو ئەمانەش شکاوەتەوە بەسەر خەباتی پرۆلیتاریای جیهانی لە هەموو وڵاتێکدا و بەربەستی گەورەی لەبەردەم خەباتی ئینتەرناسیونالی شۆڕشگێڕی و کۆمۆنیستی دادەنێن و ئیزی خەباتیان پەرش و بڵاو دەکەن، نەک تەنها لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی، بەڵکو لە ناوخۆی وڵاتەکانیشدا.
بەڵام ئەم ململانێی چینایەتییە لە نێوان جەماوەری زەحمەتکێش و سەرمایەدا یەک ساتیش لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نەوەستاوە، و سەرکوتکردن و جەنگەکان و ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکان بەربەستی گەورە لەبەردەمی دادەنێن، بەڵام ناتوانن کۆتایی پێبهێنن، چونکە ململانێی چینایەتی بە سادەیی بڕێکە لە ژیانی خودی سەرمایە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی و ململانێی جەمسەرە دژبەیەکەکانی.
هەوڵ و تەقەلای هێزە کۆمۆنیستی و سیاسییە جەراوجۆرەکان بە بەدەستهێنانی چاکسازی لەم بوارەیان ئەو بوارەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووریدا، لەوانەش خەباتی ژنان و چاکسازخوازەکان لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی لاواندا، بڕێکن لە داینامیکیی ململانێ لەناو سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخدا و جگەوەگەی خۆیان هەیە، بەڵام خودی بەدەستهێنانی ئەو چاکسازییانە پێوەندییەکی تۆندوتۆڵی بە ململانێیەکی چینایەتییەوە هەیە کە لە ئارادایە لە نێوان پرۆلیتاریا و بەرژوەوەندیدا و دەتوانن، لە ڕووی ئاست و ئاراستەی سیاسی و پراکتیکییەوە، ببنە بڕێک لە خەباتی پرۆلیتاریا بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجی کۆتایی بە کۆتاییهێنان بە سیستەمی چینایەتی، واتە بەدیهاتنی شۆڕشی سۆشیالیستی ئینتەرناسیونالی، یان پشتگیری لە جەمسەرەکەی تر، واتا پشتگیری لە سەرمایە و لە مانەوەی دەسەڵاتی بکەن بەسەر مرۆڤایەتیدا، و لەم پێگەیەوە هەوڵبدەن بە بەدەستهێنانی هەندێک چاکسازی لە چوارچێوەی سیستەمی زاڵی سەرمایەدا، کە لەو حاڵەتشدا وەک ئەزموونی ئینتەرناسیونالی دووەم نیشانیدا، دەگەڕێن بە ئامرازێکی بەرژوازی بە خنکاندنی شۆڕشی پرۆلیتاری.
هەردوو هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA) و هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی (SDA-AW)دا، هەر وەک لە پێکهاتەی حزبەکان و بەرنامەکانیاندا دەردەکەوێت، کەبەندێکی (مَجَمع)

بەرژوازیی هەزە نەتەوەیی و نیمچە چاکسازخوازەکانن لە وەاتە جیاوازەکاندا، کە دروستبوون بە هەڵکشتنی کاروباری سیستەمی سیاسی بەرژوازی، و هەڵکەوتن لەسەر ئەوەی کە بەرژەوەندییە حزبی و نەتەوەییەکانی هەر لایەنێک دابین بکرێت، بەبێ بەرنامەیەوە، ئەرکێکی تری جددییان هەیە کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ کەنتەڵکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانی پرۆلیتاریا لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی، لەوانەش لە جیهانی عەرەبی و هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش دەبێت ئەمە لە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا هەردەم پەردەی لەسەر هەڵبماڵین .

موئەیەد ئەحمەد
٢ی ئەیلول/سێپتەمبەری ٢٠٢٥

(1) Parties & Organisations – Progressive Alliance
(2) The Socialist International, 1951–, and the Progressive Alliance, 2013– (Chapter 15) – The Cambridge History of Socialism
(3) Progressive politics For a fairer world – Socialist International
4)) جدالات وكتابات الاشتراكيين الثوريين في فترة الحرب العالمية الأولى وما بعدها تتناول التطورات التي ذكرتها أعلاه.
(5) الأممية الرابعة – ويكيبيديا
انعقاد المؤتمر العالمي الأول للأممية الشيوعية الثورية في خضم اضطرابات عالمية – ماركسي(6)

فەلسەفەی مردن لە دەمی هاملەت دا.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

من ناموە باس لەگرنگی تراژیدیاکانی شکسپیر بکەم لەئەدەبی جیهانیدا، چونکە دیارە ئەو شانۆگەریانەی شکسپیر لە پشتەوەی ئەو نمایشە دیارانەی جیهانن، کە لەلایەن هەموو گەلانی جیهان بە بایەخەوە پێشوازی کراون، لەوانەش تراژیدیای (هاملەت) کە

ناودارتریت نمایشی شانۆیی شکسپیر لەمێژووی مرۆڤایەتی دا، بەتایبەت لە رۆژی هەر چوار شانۆگەریيە تراژیدیاکانی تری شکسپیر (ئۆتیللۆ، لیر پاشا، ماکبەس)
هاملەت بووە بەگەورەترین و ناودارترین کاراکتەر لەسەراپای جیهاندا، کاراکتەرێك بوو بە هەمایەکی جیهانی و کەسکی پارچە پارچەکراو لەجیانەکی لەواو لەو لە گومان و دو دڵی،لەنێوان راستی و وەهم .
من مەبەستمە بپرژمە سەر بەهێزترین دیمەنەکی ئەو شانۆگەریە کە بە دیمەنی (گۆڕستان ـ یان دیمەنی کەللە سەر) ناسراوە لەدەقی شانۆگەریەکەو کەوتۆتە بەشی پێنجەم ـ دیمەنی یەکەم لەکۆتاییەکانی ئەو شانۆگەرییە.
لەو دیمەنەدا شکسپیر لەسەر زمانی (هاملەت) و دایلۆگەکانی، دیۆنە فەلسەفەو ئایدیای ڕوونی خۆی دەربارەی مردن و ژیان و چارەنووسی کۆتایی بوونەوەرەکان دەر بڕێ و بڕوونی پەمان بڕێ سەرجەم مرۆڤایەتی بگشتی و بە جودایی تەکەا لەئێنجامدا یەك چارەنووسیان هەیە، ئەویش ئەویە هەر هەموو دەبن بەهەسکو پریسکەکی ئیزیو لەژێر خاکدا.
لە دیمەنی (کەللە سەر) دا هاملەت کاتێ کەللە سەرکە بەدەستەوە دەگرێ و مانەلۆژەکی لە
گۆڕدا ساز دەکات :
ئەها ئەوە کەللەسەری (لیەرك)ی قەشمەبازێ..کە لە گۆڕ خێدا با یاریەکانی هەمووانی دەهێنایە پێکەنین ..
بە منانی ئاشنای یەکتر بووین و زۆر گەرم لە گۆڕدا دەکرد، چەندین جار منی دەخستە سەر شانی خۆی...
تۆی کەللە سەر (یوریك) ی ؟
ئەها بە بیرتە چۆن پێکەنینەکانت لە سەراپای کەشکی پاشایەتی دەنگی دەدایەوە؟
چۆن پاشات دەخستە پێکەنین و خەمەکانیت ئادەمانی؟
پێم بڵێ ئێستا تۆ لەبەر کوێ چوویت؟ چۆن ئاوا بووییت بەئێسکو پروسکەکی ئیزیو؟
هاملەت گاڵتە بە خۆ بەزل زانینی مرۆڤەکان دەکات و پێیان دەڵێ:
ئەوە هەر هەمووتان لەمردندا یەکسانن، پاشا، وەزیر, قەشمەباز...هەتا ئێسکەندەرو یۆلیەس قەیسەرو ئەوانی تر، هەر هەمووتان دەبنە تەپۆڵکەیەك و دەنگە کونە دیوارەکتان پڕ پڕ بکرێتەوە، یان بکرێنە تەپی منانان و یاریتان پێ بکەن ...
ئا ئاوا لەئێنجامدا نازناوو ناوداریەتی و جوانی و پێکەنین و هەزو دەسەڵاداریەتی، دەبەت تەزو خۆڵ.

شکسپیر لەو دیمەنەدا فەلسەفەیەکی وجودی دەخاتە ڕوو، هەمان فەلسەفەی کتێبە ئاسمانیەکان دەدرکێنە دەربارەی بوون و کۆتاییەکانی بوون .
بە کورتی پێت دەڵێ : ژیان کۆتایی دێت، مردن چارەنوسکی حەتمیە، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها و تەنها شوێنەوارە نەك جەستە.

حەیدەر عەبدولڕەحمان

ئیسرائیل و ئێران لە شەڕکی بەردەوامدا!.. عوسمانی حاجی مارف

ئەو هەرشەی شاندی دانوستانکاری بزوتنەوەی حەماسی لە دۆحە کردە ئامانج، پێشینەیەکی مەترسیدار و سەرپێچیەکی مەترسیداری خستە بەرچاو، ناتانیاهو دەیەت هیچ کەسێک ناتوانێت ڕێگربێت لەوەی ئیسرائیل لە دوژمنەکانی بدات. ئەمەش هەموو ئەو هەوڵانە دەبەزێنێت کە دراون بە ڕاگرتنی دەستدرێژی و هەڕەشەگرتنی گەمارۆی سەر غەززە و ڕێگەدان بە چونەژوورەوەی یارمەتیەکان بە ڕزگارکردنی منداڵان و ژنان لە شەڕی برسیکردن، کە دیمەنەکانی خەڵکی ئازادیخوازی جیهانی لە تەواوی کیشوەرەکاندا تووشی شۆک کردووە.
ئیسرائیل تائێستا نەیتوانیوە بارمتەکان لە ژێردەستی حەماس دەربهێنێت، بە ئەم مەبەستەش نێک نایەوێت و ناتوانێت وێنەی خۆی بگۆڕێت، بەڵکو تادێت نامرۆڤانەتر و ناشرینتر و دوژمنکارانەتر مامەڵەی خەڵکی بەتاوان و منداڵانی غەززە دەکات، لە هەموو گۆشەیەکی جیهاندا وێنایەکی تەواو قێزەونی خۆی ناساندووە و نیشانداوە.
ئەوەی شایانی باسە و ئاشکرایە پێناچێت ئیسرائیل لە ئەنجامی شەڕی ئەم دواییەی بەرامبەر ئێران ڕازی بێت، تا ئێستا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئێران وەک هەڕەشە و مەترسیەک بەرامبەر بەخۆی پێناسە دەکاتەوە، بەیە بە هەموو ئاراستەکان و لە هەموو ئاستەکاندا هەوڵئەدات و هەنگاو بنێت بە نەهێشتنی ئەم هەڕەشەیە و ڕێگریکردن لە پەیوەندیکردنی ئێران بە یانەی دووەتە ئەتەمیەکانەوە.

ئیسرائیل هەوڵەدات شوێنی ئێران لە باڵادەستی بەسەر ناوچەکەدا بگرێتەوە و قسەی کۆتایی لە ناوچەکەدا تەنها قسەی خۆی بێت! کۆتایی بە هەر دەورەکی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا بهێنێت.
بەڵام ئایا ئیسرائیل توانای ئەوەی هەیە شەڕێکی نوێ لە دژی ئێران ئەنجام بدات؟ ئایا ئیدارەی ئەمریکا بە سەرکایەتی ترەمپ شوێن تەواوی ئامانجەکانی نەتانیاهۆ دەکەوێت؟ ئایا ئۆژاوا بە سەرکایەتی ئەمریکا ئاگاداری مەترسیەکانی گەمارۆیە بەردەوامەکانی هاوسەنگی هێزی جەمسەرە جیهانیەکان نییە؟ لەکاتێکدا دوای زیاتر لە دوو ساڵ لە وێرانکاری و تێکدان و شەڕی قەکردن، نەتانیاهۆ نەیتوانیوە بگات بەو ئامانجەی ئاماژەی سپی بە حەماس هەڵبکات.
ئێستا لەکاتێکدا کە ئیسرائیل لەنێو هەرشە پڕرشوبڵاوکانی بە سەر غەززەدا نوقم بووە، ئایا دەتوانێت هەرشەکانی بە سەر ئێران دەستپێبکاتەوە؟، سەرەڕای ئەوەی درۆترین شەڕی لە مێژووی خۆیدا دژی غەززە ئەنجامداوە و دەستە تاوانکاریەکەی بە سەر دانیشتوانی لوبنان، سوریا، ئێران و یەمەن درۆژ بووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا بەیارمەتی و پشتیوانی ئەمریکاش نەیتوانیوە بەرهەمی شەڕەنگێزیەکەی بچنێتەوە و لە باری عەمەلیەوە کۆتاییەک بە ئەم هەرشانە دیاری بکات و ئارامی بە ئیسرائیل بدەست بهێنێت، جگە لەوەی بە پێداگری لەسەر کۆتایی بە حەماس هەرچی لەدەست بێت دەیکات، گەر تەواوی دانیشتوانی فەلەستینیش ببنە قوربانی.
